خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت هەروەکو چۆن پێی خۆشە واجبەکانی جێبەجێ بکرێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت هەروەکو چۆن پێی خۆشە واجبەکانی جێبەجێ بکرێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(ابن حبان) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت کە لە شەرعدا داینناوە، لە لادانی بارگرانی لە پەرستنەکان وحوکمەکان، وهەروەها ئاسانکاری لەسەر مرۆڤی موکەلەف -ئەو کەسەی ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجبە- لەکاتێکدا عوزری هەی، وئەم ڕوخسەتانەش وەکو کورتکردنەوە وکۆکردنەوەی (قەسر وجەمع)ی نوێژەکان لەکاتی سەفەر، وهەروەها خوای گەورە پێی خۆشە ئەو شتانەی واجبی کردووە جێبەجێ بکرێت؛ چونکە فەرمانی خوای گەورە سەبارەت بە ڕوخسەتەکان و واجبەکان یەک شتە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65017